Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.4.8

# چەشنەکانی کۆمەڵگا لە بیری کارل پۆپەردا:توێژینەوەیەکی (مێژوویی وەسفی) یە

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Rebin Abdalrahman Fatah
Bahroz.ossman@univsul.edu.iq

**بەهرۆز بەکر عوسمان/** بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سەیدصادق، زانکۆی سلێمانی- سلێمانی

RECEIVED :09/10/2024
ACCEPTED :09/01/ 2025
PUBLISHED :15/08/ 2025

وشە سەرەکییەکان:

کۆمەڵگە،
کۆمەڵگەی داخراو،
کۆمەڵگەی کراوە.

## پوختە

ئەم توێژینەوە شرۆڤەکردنی چەشنەکانی کۆمەڵگایە لەلایەن فەیلەسوفی بەناوبانگی سەدەی بیست کارل پۆپەر، کە هیچ فەیلەسوفێکی خۆرئاوا هێندەی ئەم بیرمەندە لەسەر کۆمەڵگای کراوە و داخراو جۆر و تایبەتمەندی ئەم دوو جۆرە کۆمەڵگایە ڕانەوەستاوە و لێدوانی نەداوە، بەجۆرێک پۆپەر بە نەیارێکی سەرسەختی کۆمەڵگای داخراو ناسراوە. ڕەخنەکانی ئەو دژ بەو هێڵە فکرییانەشە کە هۆکاری دروستکردنی کۆمەڵگای داخراون، لای ئەم بیرمەندە کۆمەڵگای داخراو شوێنێکە شیاوی جێهێشتن و لەنێوبردنە، چونکە پڕە لە ستەم و قۆرخکاری و توندوتیژی و جادوو. تەنها چارەسەرێک بۆ دەربازبوون لە کۆمەڵگەی داخراو پەرینەوەیە بۆ کۆمەڵگەی کراوە، کۆمەڵگای کراوەش پێویستی بە پاکژکردن و پارێزگارییە. دەبێت ئازادی و ڕەخنە و دیموکراسی و دەستاودەست کردنی دەسەڵاتی تێدا بەدی بێت. کۆمەڵگای کراوە ئەو جێگایە کە مرۆڤ تێیدا هەست بە ئاسودەیی دەکات، چونکە بنەماکانی ئەم کۆمەڵگایە پشت بەئەقڵیەتی خێڵ و پێگەی چینایەتی و بنەماڵەیی نابەستن، بەڵکو لێوەشاوەیی و کارامەیی هۆی سەرکەوتن و ناوبانگ ڕێزگرتنە.

لای پۆپەر تاکە جێگە و شوێنێک هۆی ژیانێکی شایستە بێت، بریتییە لە کۆمەڵگەی کراوە، ئەم چەشنە کۆمەڵگەش تووشی کێشە و گرفت دەبێت، بۆ ڕزگاربوون لەو بەربەست و مەترسییانەش ڕەخنە و ئەقڵکاری و پارێزگاریکردن لە ئازادی ڕادەربڕین و دەبێت پەیرەو بکرێن.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی :

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، لەسەر بابەتێکی هەستیار دەدوێت، کە چەشنەکانی کۆمەڵگایە. بۆ ئەو مەبەستە پشتمان بەتێڕوانینەکانی فەیلەسوفی نەمساوی (کارل پۆپەر) بەستووە، بەو پێیەی ئەم بیرمەندە بە دەستنیشانکاری کەموکوڕییەکانی سەدەی بیستەم دانراوە، ئەو پێناسەی کۆمەڵگای داخراو و کراوە دەکات و سوود و زیانی ئەم دوو چەشنەی کۆمەڵگا ڕوون دەکاتەوە. ئامانجی هەرە باڵای ئەم توێژینەوەیە نیشاندانی مەترسییەکانی کۆمەڵگای داخراوە بۆ سەر مرۆڤ و کایەکانی دیکەی ژیان، هەروەها خراپەکاری و لێکەوتەکانی کۆمەڵگای داخراو شی کراونەتەوە، جگە لەوەش باس لە گرنگی و بایەخی کۆمەڵگای کراوە کراوە و باشی و لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم جۆرەی کۆمەڵگا شرۆڤە کراون.

لەم توێژینەوەیەدا تایبەتمەندی و نیشانەکانی هەردوو چەشنە کۆمەڵگاکە خراوەتەڕوو، جگە لەوەش میتۆد و ڕێباز و پلانی پۆپەر بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی کراوەی نموونەی خراونەتە بەرباس، هەروەها هەڵسەنگانمان بۆ دیدی پۆپەر کردووە و ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی کراونەتەوە باس کراون. ڕێبازی کارکردنمان لەم توێژینەوەیەدا بریتی بووە لە بەکارهێنانی میتۆدی مێژووی وەسفی، هەوڵمان داوە شرۆڤەیەکی وردی بابەتەکان بکەین و ئەنجامەکانیش بەڕوونی دەربخەین.

بۆ ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەی جیاواز بەکارهاتووە، بەڵام بە پلەی یەکەم ئەو سەرچاوانە بەکارهاتوون، کە پۆپەر خۆی دایناون. سەرەڕای بەکارهێنانی ئەدەبیاتە دەوڵەمەندەکەی خۆشی ئەو لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنانەی لەسەر کارنامە و تیۆرەکانی پۆپەر نوسراون بەهەند وەرگیراون. یەکێک لە گرفتە دیارەکانی توێژینەوەکەش قوڵی فکری پۆپەرە. ئەو بە یەکێک لە فەیلەسوفە دیارەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت. نوسین و شیکردنەوەکانی ورد و قووڵن، کە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی لەسەرخۆ و ورد هەیە، تا بەئاگاییەوە نیازەکانی بخەیتەڕوو.

## یەکەم: چەشنەکانی کۆمەڵگا لە بیری کارل پۆپەردا

کۆمەڵگا بونیاتێکی ئاڵۆزی مرۆییە، داینەمۆ و بەگەڕخەر و درێژە پێدەری بریتییە لە مرۆڤ، بەو پێیەی مرۆڤیش ماهیەت و سروشتێکی ئاڵۆز و پەشێوی هەیە، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە کۆمەڵگا مرۆییەکان ئاڵۆز بن و نەتوانرێت وەک بونیاتێکی مرۆیی سادە تەماشا بکرێت و لێی تێ بگەین. کۆمەڵگاکان سەرەڕای ئەوەی ناوکی بنەڕەتی بریتییە لە مرۆڤ، بەڵام لەڕووی چۆنێتی و چەندێتییەوە چوونیەک نین، بۆیە دەکرێت لەڕووی قەبارەوە زۆر بچووک یان گەورە بن(موحسنی،٢٠٠٢، ل٩٩). جەوهەری سەرەکی کۆمەڵگا بریتییە لە کۆمەڵێک خەڵک بە یاسا و ڕێورەسمی دیاریکراوە پەیوەستن و پەیوەندی جۆراوجۆریان لەنێواندا هەیە(المعيوف،٢٠٢٤، ص٥٠٨)، سەرجەمی ئەو تاکانەی کۆمەڵگاش لەناو گشتێکی ئاڵۆزی چالاکی بەیەکەوە گرێ دراون، خاوەنی بیروباوەڕ و کولتوور و فەرهەنگن، کاروبار و کێشەی هاوبەشیان هەیە(موحسنی،٢٠٠٢،٨٣-٨٥).

بیرمەندانی بواری کۆمەڵایەتی لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراوی ئەم چەمکە کۆک نین، بە لای (ئۆگۆست کۆنت)ەوە، کۆمەڵگا واتە بونیاتی بە کۆمەڵیی بوونەوەرە زیندووەکان. (سپنسەر) کۆمەڵگای بە بونیاتێکی سیاسی ڕێکخراو داناوە(بەعلی،٢٠٠٦، ٥١). زاراوەی کۆمەڵگا لە کۆمەڵناسیدا بە واتای ڕەوش و دۆخی کۆمەڵە مرۆڤێک دێت، کە لەژینگەیەکدا بەیەکەوەن و یاسایەکی هاوبەش بەیەکەوەیان گرێ دەدات(وسووقی- نیک خولق،٢٠١٣،ل٨١). ئەم کۆمەڵە مرۆییە بە هەندێک سیستەم، نەریت، ئەتەکێت، یاسا، پەیوەندی ڕۆحی و مرۆییەوە پێکەوە بەستراون(مطهری،٢٠١٩، ل١٦).

کارل پۆپەر(١٩٠٢-١٩٩٤) کە نووسەر و بیرمەندێکی دیاری دونیای مەعریفە و زانست و کۆمەڵناسی و ڕامیاری و فەلسەفەیە، لەسەر ئاستی کیشوەری ئەوروپا و جیهانیش ناوبانگ و پێگەیەکی زانستی و مەعریفی هەیە، لە ماوەی ژیانیدا گەلێک خەڵات و پلەی نێودەوڵەتی بەدەست هێناوە. ئەم بیرمەندە بەشێکی زۆری کارەکانی وەستانە لەسەر چەمکی کۆمەڵگا و چەشنەکانی، بە بڕوای پۆپەر کۆمەڵگا سەرەڕایی ئەوەی لە کۆبوونەوەی مرۆڤ پێک دێت، بەڵام یەک شێوەی دیاریکراوی نییە، بەڵکو چەندین شێوەی جیاوازی کۆمەڵگای مرۆیی لە ڕابردوو ئێستادا ئامادەییان هەیە(پۆپەر،

ئوستوره...،٢٠٠٨،٧)، دیاریکردنی ئەو چەشنانەی کۆمەڵگاش بابەتێکی هەستیار و ئاڵۆزە، کۆمەڵناس و بیرمەندەکان پۆلێنی جۆراوجۆریان بۆ کردووە، بۆیە ئێمە لێرەدا ئەو چەشنانە ڕوون دەکەینەوە.

## چەشنەکانی کۆمەڵگا

کۆمەڵگاکان یەک جۆر و شێوەی دیاریکراویان نییە، ئەوان لە ڕواڵەت و ناوەرۆکدا چونیەک نین، هەروەها شێوازی جۆراوجۆری داب و نەریت و فەرهەنگ و ئەدەبیات و سیستەمی سیاسی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و دابەشبوونی چینایەتی و گەشەکردنی زانستیان بەخۆیانەوە دیوە. هیچ کۆمەڵگایەک نییە شێوە و فۆرمی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی نەبێت، بەم پێیە کۆمەڵگا ڕەوایەتی وەرناگرێت ئەگەر شوناس و تایبەتمەندی نەبێت. هەر کۆمەڵگایەک لە هەناویدا ناسنامەی تایبەتی هەیە، لە کۆمەڵگایەکی دیکە جیایە، بۆیە ناکرێت و ناگونجێت کە پێمان وابێت سەرجەمی کۆمەڵگاکان یەک چەشن و یەک جۆرن(تەرابیشی،٢٠٠٩،١٩). ئەم جۆراوجۆری و فرە ڕەهەندییە لە شوناس و ڕواڵەتی ناوەوە و دەرەوەی کۆمەڵگاکاندا زەمینەی ڕەخساندووە، کە کۆمەڵناس و بیرمەندەکان چەندین دابەشکاری بۆ کۆمەڵگا مرۆییەکان بکەن و ناوی جیاوازیان لێ بنێن(کۆمەڵگای نەریتی، پیشەسازی، خێڵەکی، لادێی و شارنشینی، یاخود کۆن و نوێ، کۆمەڵناسی فەرەنسی جۆرج گۆرڤیچ(١٨٩٤-١٩٦٥)کۆمەڵگا مرۆییەکانی بەم شێوەیە پۆلێنکردووە (کۆمەڵگای ئاینی، باوکسالاری، دەرەبەگایەتی، دەوڵەتەشار، خۆسەپێنی ئارام، لیبراڵ دیموکرات، سەرمایەداری گەشەسەندوو، فاشیزم(موحسنی،٢٠٠٢، ٩٩).

لە هزری پۆپەردا پرسی دیاریکردنی کۆمەڵگا بۆ چەند چەشنێک جێگایەکی دیاری هەیە، بە جۆریک دەتوانین بڵێن ئەم دۆزە لەلای ئەو خاڵێکی جەوهەرییە، بۆیە پۆپەر سەرجەمی کۆمەڵگاکان بۆ (کۆمەڵگای کراوە و کۆمەڵگای داخراو) پۆلێن دەکات، پۆپەر دەڵێت هەردوو زاراوەی کۆمەڵگای کراوە و داخراو یەکەمین جار لە لایەن فەیلەسوفی ناوداری فەرەنسی هنری برگسۆن (١٨٥٩-١٩٤١)ەوە بەکارهاتووە، ئەویش کەڵکی لێ وەرگرتووە و خزمەتی کردووە و بەرەو پێشەوەی بردووە(پۆپەر، ٢٠٠٦، ب١، ١٤٦).

لێرەدا ئێمە بۆ خستنەڕووی کۆی بۆچوون و تێفکرینەکانی کارل پۆپەر سەبارەت بە هەردوو شێوە و چەشنەکەی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ورد باس لە کۆمەڵگای داخراو کراوە دەکەین و تایبەتمەندییەکانیان شی دەکەینەوە.

### 1-1 کۆمەڵگای داخراو

مەبەست لە کۆمەڵگای داخراو ئەو کۆمەڵگانەن، کە دەرفەتی ژیانی ئازادانەیان تێدا نییە یان کەمە، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی تێیدا قەدەغەو نامۆیە، پیرۆزییەکان لەسەر بنەمای زانستی و کارامەیی و دڵسۆزی پەخش ناکرێن، بەڵکو نادادپەروەری سەرکوتکاری توندوتیژی فۆرمی باڵای کۆمەڵگاکەن(ناوخۆش،٢٠١٠، ٢٨-٢٩). کۆمەڵگا داخراوەکان بە کۆمەڵگا کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی دیکتاتۆرەکانیش دەوترێت. ئەو کۆمەڵگایانەی پشت بە سیستەمی چینایەتی و خێڵەکی دەبەستن و لە چەند چینێکی کۆمەڵایەتی کۆنکرێتی و چەقبەستوو پێک دێن و نەرمییان لە نێواندا نییە(الحسن،٢٠١٢،٣٣٤-٣٣٥)، بەمانایەکی دیکە کۆمەڵگا داخراوەکان ئەندامەکانی پێکەوەن، ئامادەیی تێکەڵبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکە نییە. هەمیشە ئامادەن بۆ هێرشکردن و بەرگریکردن (برجسون،١٩٧١،٢٨٧). پۆپەر نەیارێکی سەرسەختی کۆمەڵگا داخراوەکانە، ئەو پێی وایە هەموو ڕژێمە ستەمکارەکان کۆمەڵگایەکی داخراون، ئەگەرچی لەڕووی زانستییشەوە پێشکەوتوو بن(ئەسوەد،٢٠٠٩، ٩٢).

پۆپەر کۆمەڵگای جادوویی یان خێڵەکی بە کۆمەڵگای داخراو ناودەبات. لەلای ئەو کۆمەڵگای داخراو بە مێگەلێک یان خێڵێک دەچێت لەو ڕووەوە، کە یەکەیەکی نیمچە ئۆرگانیکە و ئەندامەکانی لە ڕێگای پەیوەندی نیمچە بایۆلۆژیکدا لێک بەستراون، واتا بەهۆی خزمایەتی ژیانی هاوبەش تەقەلای هاوبەش مەترسی هاوبەش شادی و خۆشی هاوبەش خەمە هاوبەشەکان وابەستە بوون( پۆپەر، ٢٠٠٦، ب١،٣٨٧- ٣٨٨). پۆپەر پێی وایە، کۆمەڵگای داخراو دیاردەیەکی دەستکرد و نوێ نییە، بەڵکو ئەم جۆرە کۆمەڵگایە ڕەگێکی قووڵی لە مێژوودا هەیە، تەنانەت چەندین بیرمەندیش کوێرانە خزمەتیان

بەم جۆرە کۆمەڵگایە کردووە، بۆیە پۆپەر زۆر مەبەستیەتی ئەو ڕیشەیەی هەوێنی ئافراندن و مانەوەی ئەم چەشنە کۆمەڵگایە لە مێژوودا بدۆزێتەوە و هێڵە فکرییە پاڵپشتەکانیشی بدۆزێتەوە، لە ڕیشەوە هەڵیانبکێشێت.

## ڕیشەی مێژوویی کۆمەڵگای داخراو:

بە بڕوای پۆپەر ڕیشەی مەیلی خەڵکی بۆ کۆمەڵگای داخراو لە کۆنەوە بەرانبەر بە مەیلی شارستانێتی بۆ ئازادی و ڕەخنەکاری پەیدا بووە، پۆپەر پێی وایە، کۆمەڵگای داخراو لە مێژووشدا ئامادەیی هەیە، تەنانەت لەناو بۆچوونە سیاسییەکانی(ئەفلاتۆن، هیگڵ، مارکس)یشدا جێی کراوەتەوە(پولادی،٢٠١٩،١٦٣-١٦٤). بە تێڕوانینی پۆپەر ئەم سێ فەیلەسوفە بە ئاگا و هۆشیارە بە مەیلە مرۆییەکانیان و هەستی نیازپاکیان، واتا بۆ چاککردنی جڤاتی مرۆیی پلان دانەری جڤاتی داخراو و دوژمنی جڤاتی کراوەن. ئەمانە خوازیاری کۆمەڵگایەکی داخراوی دوور لە ئازادی هزر و ڕەخنەکارین(بەشیریە،٢٠١٣،١٤). لە ڕاستیدا ئەم هێرشە توندەی پۆپەر بۆ ئەم فەیلەسوفانە دەرهاویشتەی تێگەیشتنێکی کوێرانە و حوکمێکی پێشوەخت و بڕیارێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو پۆپەر بەوپەڕی بڕوابەخۆبوون و بوێرییەوە بەرگری لەم هێرش و پەلاماردانەی دەکات و ئەو هیچ کات لە ئاستی ئەم گوتارە زبرەیدا پاشگەزبوونەوەی لێ نەبینراوە.

بە بۆچوونی پۆپەر بەشداری ئەم سێ بیرمەندە لە خزمەتکردن بە کۆمەڵگای داخراو بە ڕێژەی جیاواز بووە، ئەو پێی وایە ئەفلاتۆن بە ڕێژەیەکی زیاتر لە مارکس بەشدار بووە، هیگڵیش تاڕادەیەک زیاتر. بە بڕوای ئەم هەرچەندە فەلسەفەی هیگڵ بە ڕواڵەت فەلسەفەی ئەقڵ و ئازادییە، بەڵام لە ڕاستیدا نەیاری سەرەکی ئەقڵ و ئازادی بوو، (هەڵبەتە بێ ئەوەی خۆی خوازیاری بووبێت) موژدەدەری فاشیزم بووە(پولادی،٢٠١٩،١٦٥- ١٦٦).

پۆپەر دەڵێت، ڕێبازی مێژووگەرایی شێتانە ئامێزی هیگڵ وەکو ئەو هەوێنەیە، کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی خێرای تۆتالیتاریزم، نزیکەی تەواوی تێزە گرنگەکانی تۆتالیتاریزمی ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ لە هیگڵەوە بە میراتی ماونەتەوە، ئەم تێزانە بریتین لە ناسیۆنالیزم لە واتا ڕەگەزپەرستییەکەیدا بەرز ڕاگرتنی دەوڵەت و جەنگ، لادانی دەوڵەت لە بەرپرسیارێتی مۆڕاڵی، ستایشکردنی ڕێبەران و کەسێتییەکان(بەشیریە،٢٠١٣،١٥-١٦). لێرەدا پۆپەر دەیەوێت ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، کە ئەو تەنگژە جیهانی و ڕەوشە ئاڵۆزانەی کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا بەسەر جیهاندا هاتن، چەندین ئایدیا و فکری توندوتیژی هاتنە مەیدان، کە هۆی سەرهەڵدانی پشێوی و جەنگە نەتەوەیی و جیهانییەکان بوون، بەهۆی ئایدیا و بەرنامە فکرییەکانی ئەو فەیلەسوفانەوە بوو، چونکە ئەوان نەیارێکی سەرسەختی ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەرستی بوون.

پۆپەر پێی وایە کۆمەڵگای داخراو کۆمەڵێک نیشانە و تایبەتمەندی دیاریکراوی هەیە، لەڕێگەی ئەوانەوە دەتوانین بیناسینەوە:

## نیشانە و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای داخراو:

یەکەم: بڕوابوون بە جادوو هەڵیت: تایبەتمەندییەکی دیاری کۆمەڵگای داخراو بریتییە لە بووونی بڕوا بە تابۆ جادووییەکان. دیاردەکانی ناو ئەم چەشنە کۆمەڵگایە لەسەر بنەمای لۆژیک و ژیری لێکدانەوەیان بۆ ناکرێت، بەڵکو مرۆڤەکان هێندە دەستەوەستان و خورافی و بێدەسەلاتن، پەنا دەبەنە بەر هەڵیت و باوەڕی میللی، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە کۆمەڵگا کراوەکاندا مرۆڤەکان فێری ئەوە بوون، کە تاڕادەیەک ڕەخنە لە تابۆکان بگرن، لەو بڕیارانەی کە دەری دەکەن ئەقڵ و هۆشی خۆیان بە سەنتەر لە قەڵەم بدەن(پۆپەر،٢٠٠٦،ب١،١٤٦). خەمی سەرەکی پۆپەر لێرەدا ئەوەیە مرۆڤ هۆشیاری زیاتر بێت و لەو ڕێگەشەوە هەڵسەنگاندن بۆ ژینگە سروشتی و مرۆییەکەی بکات و بڕیارەکانی دەربارەی ژیانی ئێستا و ئایندەی لەسەر بنەمای زانست بێت و خۆی لە بابەتە پوچ و نەریتە بۆماوەییە دواکەوتووەکان ڕزگار بکات.

دووەم: زبری و زەبروزەنگی: یەکێک لە نیشانە و تایبەمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای داڕووخاوە. کۆمەڵگا نەتەوەیی و خێڵەکییەکان کۆمەڵگایەکی داخراون، لەو کۆمەڵگایانەدا دامەزراوە کۆمەڵایەتی و کردارە کۆمەڵایەتیەکان نەرمی نانوێنن

و توندوتیژن، تاکەکان پێش بیرکردنەوەیەکی قووڵ بەخێرایی بڕیار لەسەر شتەکان دەدەن و ڕەفتاری نابەجێ دەکەن و تۆڵە دەسێنن، یان ئازاری ئەوانی دیکە دەدەن، یاخود بۆسەر ئەوانی دیکە سەرچاوەی مەترسین(پولادی،٢٠١٩،١٦٣-١٦٤). لێرەدا پۆپەر دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، کۆمەڵگای داخراو جێگەیەکی مەترسیدارە، تاکێک بەرهەم دەهێنێت، کە توانای گفتوگۆ و ڕامان و لێبوردنی کەمە، بەڵکو لەسەر هەڵەشەیی و زووهەڵچوون و زبری پەروەردەکراوە.

سێیەم: پلە و پایەی تاک: یەکێک لە سیما سەرەکییەکانی کۆمەڵگا داخراوەکان ئەوەیە، کە پلەوپایەی تاک لەسەر بنەمای مرۆڤبوون و کارامەیی پسپۆڕی و لێوەشاوەیی نییە، بەڵکو جێگا و شوێن و پلەوپایەی مرۆڤ لە پێشدا دیاریکراوە، واتە بنەماڵە و دەسەڵات و پلەوپایە چینایەتییەکان هۆکاری یەکلایکەرەوەن(پولادی،٢٠١٩،١٦٣-١٦٤). پۆپەر بەجۆرێک وێنای کۆمەڵگای داخراو دەکات، کە دوژمنی ڕاستەوخۆی مرۆڤە، چونکە لێرەدا پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن بۆ دیاریکردنی تاک لەژێر هەژموونێکی پێشوەختەی سیستمە خێڵەکی و چینایەتییەکەدان. تا ئەم جۆرە پێوەرانەش باڵادەستبن سەروەری و شکۆو پلەوپایەی ئەندامانی دیکەی چینەکانی خوارەوە لە مەترسیدایە.

چوارەم: جێگۆڕکێی چینایەتی: لە کۆمەڵگای داخراودا کە پۆپەر وەک بوونەوەرێکی ئۆرگانیک ناوی دەنێت گۆڕان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی چینەکان نییە، واتا ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگای داخراودا ڕێگەی لێ گیراوە و جێگۆڕکێی چینایەتی نییە. ڕێگەی گواستنەوە لە چینێکەوە بۆ چینێکی دیکە زەحمەتە. لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا تاکەکەس تایبەتە بەو چینەی کە تێیدا لەدایک بووە(پۆپەر،٢٠٠٦،ب١،٣٨٧-٣٨٨). مەیلی پۆپەر لێرەدا بە ئاراستەیەکە، کە دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە کۆمەڵگای داخراو جێگەیەکی پڕ لە مەترسی و دۆخێکی چەقبەستووە، چونکە لە بڕی ڕێگەدان بە برەوپێدان و هەڵکشان و گۆڕینی پێگەی چینایەتی ئەو زیندانێکی شووم و سیستمێکی قۆرخکراوە و نایەوێت جێگۆڕکێی چینایەتی ڕووبدات، چونکە گۆڕان لە پێگە چینایەتییەکاندا مەترسییە بۆ سەر ئەو دەزگا و ناوەند و لایەن و گرووپانەی لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا پێگەیان هەیە.

پۆپەر بانگەشەی ئەوە دەکات، نیشانە و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای داخراو بۆ سەر ژیانی مرۆڤ مەترسییەکی گەورەن، چونکە ئازادی و سەربەستی لێ وەردەگرنەوە، لەوە خراپتریش لە هەناوی ئەو کۆمەڵگانەدا یاسا و دادگاکان ڕۆڵی ڕاستەقینە ناگێڕن، ڕژێمی حوکمڕانی دەستکراوە و تاکڕەوە. ئەو هێزەی لە دەستی دەوڵەتدایە بۆ سەرکوتی دەنگە نارەزاییەکان بەکاری دەهێنێت، گەندەڵی سیاسی لە ئاستێکی باڵادایە و دەستاودەستی دەسەڵات بە ڕێگەی ئاشتیانە بەڕێوەناچێت و سیستمەکە ستەمکار و مرۆڤکوژە.

پۆپەر بڕوای وایە، کۆمەڵگای داخراو هەرچەندە بەهێز و خۆپارێز بێت تەمەنی درێژە ناکێشێت و تاسەر نامێنێتەوە. ئەگەری ڕووخاندن جێهێشتنی هەیە، ئەوەش کاتێک ڕوودەدات، کە پشت بە ئەقڵ و ڕەخنە ببەسترێت و ئازادییەکان فەراهەم بکرێت، لە ڕوودا وەستانەوەی کۆمەڵگا داخراوەکانیش شۆڕشێکی مەزن و پیرۆزە.

## 2-1-کۆمەڵگای کراوە

پەڕینەوە لە کۆمەڵگای داخراوەوە بۆ کۆمەڵگای کراوە، گۆڕانکاری و وەرچەرخانێکی مەزنە، چونکە لە ئەنجامی ئەم پەڕینەوەدا ئازادییەکانی و مەرامەکانی مرۆڤ زیاتر دێنە دی. بە بڕوای برجسۆن کۆمەڵگای کراوە زامن و دەستەبەری ژیانێکی شایستە بۆ مرۆڤ دەرەخسێنێت. بە بۆچوونی ئەم بیرمەندە کۆمەڵگای کراوە ئەوەیە، کە بەهاکانی مرۆڤایەتی بە تەواوی تێدا بێت و مرۆڤگەرا بێت(برجسون.١٩٧١،٢٨٧- ٢٩٠). بە بڕوای پۆپەر پەڕینەوە لە کۆمەڵگای داخراوەوە بەرەو کۆمەڵگای کراوە دەتوانین بە یەکێک لە گەورەترین شۆڕشەکان وەسف بکەین، کە مرۆڤ تاوەکو ئێستا ئەنجامی دابێت. یۆنانییەکان ئەم شۆڕشەیان ئەنجام داوە(پۆپەر،٢٠٠٦،ب١،٣٩١). ئەوان یەکەمین کەسانێک بوون کە هەنگاوە سەرەتاییەکانیان لە کۆمەڵگای نەریتی خستەگەڕ، بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی کراوە تێکۆشان. بە ڕەخنەی ئەقڵانی لە باوەڕ و دامەزراوە نەریتی و سەقامگیرییەکان کاری پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی کراوەیان دەستپێکرد(پولادی،٢٠١٩،١٦٤). لە دیدی ئەودا ئەگەر بمانەوێت بە مرۆڤی بمێنینەوە لە ڕێگایەک زیاترمان نییە، ئەویش ڕێگای چوونە ناو کۆمەڵگای کراوەیە(پۆپەر،٢٠٠٦ب١، ٤٢٨).

کۆمەڵگای کراوە چەشنێکی کۆمەڵگایە دەرگای گۆڕین و نوێبوونەوەی لەسەر کولتوور و داب و نەریت دانەخستووە، بەرووی زانست و داهێنانەکاندا کراوەیە. ئەم کۆمەڵگایە پشت بە سیستمی دیموکراسی دەبەستێت و قۆرخکاری و ڕژێمە ستەمکارەکان ڕەت دەکاتەوە. ئەم کۆمەڵگایە بڕیاری ڕاستەوخۆی لەسەر دوا شێوە و بونیاتی نەداوە و خۆپارێز نییە، ئامادەیی تێدایە بەگوێرەی پێشکەوتنە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان هەنگاو بنێت و شوناس و پێکهاتەی بگۆڕێت. دەکرێت بەم کۆمەڵگایە بگوترێت کۆمەڵگای فرە کولتوور(ئەسوەد،٢٠٠٩،٩٠).

لەم کۆمەڵگایەدا تاکەکان توانایان هەیە، ڕووبەڕووی بڕیارە سەرەڕۆ و تاکەکەسییەکان بوەستنەوە(پۆپەر، ٢٠٠٦،ب١، ٣٨٧-٣٨٨). پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری خۆیان باشتر بکەن. ئەو لەمپەرە کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسییانەی ڕێگە لە هێنانەدی بزاوتی کۆمەڵایەتی تاک دەگرن هێزیان کەم بکرێنەوە و نامێنن(الحسن.٢٠١٢،٣٣٤-٣٣٥).

پۆپەر لە بەرگریکردنیدا لە کۆمەڵگای کراوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئێمە دەبێت فێر بین بەبێ قەناعەتی ڕەها بەشتێک بژین، بە بڕوای پۆپەر کۆمەڵگای کراوە کە لە هەمان کاتدا مایەی پێشکەوتنە مایەی شڵەژانی تاکەکانیەتی و بەرپرسیاری جیاواز دەخاتە ئەستۆیان(جەهانبەگلو،٢٠٠٩، ١٤٣). لە دیدی پۆپەردا کۆمەڵگای کراوە باشترین جۆری کۆمەڵگایە، کە تائێستا مرۆڤ پێی گەیشتبێت، ئەم کۆمەڵگایەش کۆمەڵێک بنەما و تایبەتمەندی جیاکەرەوەی هەیە و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەیناسینەوە:

بنەماکانی کۆمەڵگای کراوە: پۆپەر کاتێک لەسەر کۆمەڵگای کراوە دەدوێت، وەسف و ستایشی دەکات، لە بیری ئەودا تەنها لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا مرۆڤ دەتوانێت ژیانێکی شایستە بەسەر بەرێت، لەبەرئەوەی بناغە و بونیاتی لەسەر چەند خەسڵەت و بنەمایەکی باڵا بەندە، کە هۆی پێشکەوتن و ئارامی و ئاسودەین، لە سەرەکیترین ئەو بنەمایانەش:

١- ڕەخنە: یەکێکە لە بنەما بەهێزەکانی کۆمەڵگای کراوە، مرۆڤ لەم چەشنە کۆمەڵگایەدا سەربەستی ڕەخنەگرتنی هەیە، شێوازی ڕەخنەی ئەقڵانی نابێتە هۆی لەناوچوونی ڕەخنەگر و توندوتیژی بۆ لەنێوبردنی بۆچوونی جیاواز ڕۆڵێکی نییە، ڕەخنە بەدەرە لە توندوتیژی( پۆپەر،٢٠٠٦،ب١،٣٣)، پۆپەر پێی وایە بوونی ڕەخنە و پەرەدان بە رۆحیەتی ڕەخنەیی هۆی گەشەسەندنی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کراوەیە، چونکە تەنها سەرچاوەیەک بۆ دۆزینەوەی هەڵە بریتییە لە ڕەخنە. هەڵە کاتێک ئاشکرا دەبێت، کە ڕەخنە هەبێت. ئەگەر ڕەخنە نەبێت، کۆمەڵگا نابێت بە کۆمەڵگایەکی کراوە. ڕەخنە باشترین ئامرازە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی دەوڵەت و شێوەی حوکمڕانی. کۆمەڵگای کراوە کۆمەڵگایەکە بەردەوام هەڵە و کارە چەوتەکانی دەوڵەت لە ڕێگەی ڕەخنەوە ڕاست دەکاتەوە و دەیگۆڕێت(ئەسوەد.٢٠٠٩،٩٨).

٢- کێبڕکێی ئازاد: لە دیدی پۆپەردا کێبڕکێیەکی ئازاد لەسەر تیۆرە زانستییەکان و گەشەکردنی مەعریفە و بڵاوبوونەوەی هۆشیاری هەبوونی شەفافیەت لەو بازنەیەدا گرنگترین خەسڵەت و بنەمای کۆمەڵگای کراوەیە، لەم چەشنەی کۆمەڵگادا کێبڕکێی ئازاد فەرامۆش ناکرێت، بەڵکو بە هەند وەردەگیرێت. کێبڕکێی ئازاد دەستوورێکی باوە و ڕەوایەتی وەرگرتووە، بەشێکە لە کولتووری کۆمەڵگا کراوەکان. ئەم میکانیزمە هۆی پێشکەوتن و داهێنانە، هەروەها ئامرازی ناسینەوەی کۆمەڵگای کراوەیە. کێبڕکێی ئازاد خاڵی جیاکەرەوەی نێوان کۆمەڵگای داخراو و کراوەیە، کۆمەڵگای کراوە خاڵێکە لە بەرانبەر کۆمەڵگای داخراو تۆتالیتاریدا، کە لەنێوانیاندا بە جێگای کێبڕکێی ئازاد لەسەر تیۆرە زانستییەکان، بازنەیەکی تەواو لە بیروبۆچوونی ئایدیۆلۆژی بە هەوڵدانی پاوانکردنی حەقیقەت لە ئارادایە(پۆپەر،٢٠٠٦،ب١،٣٣). کێبڕکێی ئازاد تەنها لەسەر تیۆرە زانستییەکان و وەرگرتنی پۆست و پلەوپایە ئیدارییەکان نییە، بەڵکو ئەندامانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بۆ تێپەڕاندنی ئاستی کۆمەڵایەتییان دەتوانن کێبڕکێ چینەکانی سەرەوە بکەن، ئەم حاڵەتە ڕەنگە ململانێ و دژایەتی چینایەتی لێ بکەوێتەوە(پۆپەر،٢٠٠٦،ب١،٣٨٧-٣٨٨).

٣- دەستاودەستکردنی دەسەڵات:

کۆڵەکە و پایە نیشانەیەکی سەرەکی ناسێنەری کۆمەڵگای کراوەیە، پۆپەر پێی وایە کۆمەڵگای کراوە جێگەیەکە، کە ڕەخنە هۆی گۆڕینی سیاسەتەکانی دەوڵەتە و ڕەخنەگرتن دەتوانێت کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی دەوڵەت دروست

بکات. ئەم گوێگرتنە بۆ ڕەخنە هۆی ئەوەیە، کە چالاکییە سیاسییەکانی دەوڵەت دووچاری بنبەست و چەقبەستووی نەبن، ئەم گۆڕانەش کە لە ڕێگەی ڕەخنەوە دێتەکایەوە، تەنها بڕیارەکان ناگرێتەوە بەڵکو شۆڕ دەبێتەوە و دەبێتە هۆی گۆڕینی دەسەڵاتداران. برەودان بە گرنگی ڕەخنە زەمینەسازی دەکاتەوە، تا گرووپی بەرهەڵستەکارەکانی دەسەڵاتی سیاسی کارا بن و چالاکی ڕەخنەی ئەنجام بدەن، بەردەوامبوونی ئەم کەشە سیاسییەش کە ژیانی سیاسی کۆمەڵگادا ئەگەری گواستنەوە دەسەڵات بەشیوەیەکی ئاشتیانە دێنێتە دی. ئەم دەستاودەستکردنەی دەسەڵاتیش مەرجی بەدیهێنانی جڤاتی کراوەیە(بەشیریە،٢٠١٣،٢٥). پۆپەر بە یەکێک لەو فەیلەسوفانە دادەنرێت، کە ڕقێکی زۆری لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکانە، پێی وایە، کە هەموو سیستەمێکی دیکتاتۆر بێ ڕەوشتە. لای پۆپەر هەر حکومەتێک لەڕێگەی ئاشتییانەوە دەستاودەستی دەسەڵاتی تێدا ڕوونەدات، حکومەتیکی قبوڵکراو نییە و حکومەتێکی ستەمکارە، مایەی مەترسییە بۆ سەر کۆمەڵگای کراوە(پۆپەر،٢٠١٠، ١٣٤).

لە تێڕوانی پۆپەردا نیشانەی جیاکەرەوەی کۆمەڵگای کراوە تەنها بریتی نییە لە پێشکەوتنی زانست و زانیاری، بەڵکو بریتیە لە بوونی سیستەمێکی سیاسی مۆدێرن، کە ڕەخنەگرتنی تێدا بێت، ئازادییەکانی تێدا قۆرغ نەکرێن، لەبەرئەوە لە دیدی پۆپەردا ئەو کۆمەڵگایەی سیستەمی سیاسی یاخود فەلسەفەی سیاسی لەسەر بنەماکانی فاشییەت و شوعییەت دامەزرابن. هەرچەندە لە بوارەکانی تەکنەلۆژیاوە پێشکەوتو بن، ئەوە هەر کۆمەڵگای داخراون، چونکە لەو چەشنە کۆمەڵگانەدا ئایدیۆلۆژیای سیاسی لە سەرووی هەموو بڕیارێکی ترە(ناوخۆش،٢٠١٠،٢٨).

٤- لێبوردەیی سیاسی: یەکێکی دیکەیە لە کۆڵەکەکانی کۆمەڵگای کراوە، بە ڕادەیەک مەرجی سەرەکی کۆمەڵگای کراوە لێبوردەی سیاسییە، بەڵام لێبوردن لە ئەو گروپانەی دژی (تۆلێرانس) لێبوردەی دیموکراتیکن، زیان بە بونیاتی جڤاتی کراوە دەگەیەنێت، کەواتە لەکاتی ناچاری و بوونی هەڕەشەی ترسناک دەبێت دوژمنانی لێبوردەیی و هەواردارانی کاری توندوتیژی سەرکوت بکرێن(بەشیریە،٢٠١٣، ٢٥)، پۆپەر پێی وایە، ئێمەی مرۆڤ سروشتێکی لاوازمان هەیە، بۆیە شیاوی ئەوەین بکەوینە هەڵەوە و کاری ناپەسەند بکەین، بۆیە دەبێت لە یەکتر ببورین، لێبوردنی دوولایەنە ڕێگا ڕاستەکەیە، کە بە کۆمەڵگای کراوەمان دەبات(ئەسوەد. ٢٠٠٩، ٩٩-١٠٠).

## 2- هەڵسەنگاندنی تیۆرەکانی کارل پۆپەر

### 2-1تیۆرو میتۆدی کارل پۆپەر

پۆپەر پێش ئەوەی تیۆرەکانی لە پێناوی بەرەوپێشوەبردن و پاراستنی کۆمەڵگای کراوەدا بخاتەڕوو، لەناو مێژووی هزرو فەلسەفەی خۆرئاوادا بەدوای ئەو هێڵە فکریانەدا دەگەڕێت، کە هۆی بەهێزکردن و چەسپاندنی کۆمەڵگای داخراون. واتە ئەو پێش ئەوەی چارەسەر و ڕێبازی لە پێناوی پاراستنی کۆمەڵگای کراوەدا بخاتەڕوو، ئەو فاکتەرانە دەستنیشان دەکات، کە دژی کۆمەڵگای کراوەن و هۆی ڕاگیرکەری کۆمەڵگای داخراون. لە ئەنجامی ڕۆچوون و وردبوونەوەی لەم پرسەدا فەیلەسوفانی وەک(ئەفلاتۆن، هیگڵ، مارکس)تۆمەتبار دەکات. (پۆپەر،٢٠٠٦،ب١، ٣٦١-٣٦٢).

لە دیدی پۆپەردا لەخودی بەرنامەی ئەفلاتۆندا ڕێبازێکی تایبەتی بە سیاسەت هەیە، کە بە بڕوای ئەو لە ڕادەبەدەر مەترسیدارە، شیکردنەوەی لە ڕوانگەی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی ئەقڵانییەوە گرنگییەکی کردەیی یەکجار زۆری هەیە. پۆپەر ڕێبازی ئەفلاتۆن بە ڕێبازی ئەندازیاری یۆتۆپیایی وەسف دەکات و لە بەرانبەردا خۆی پێشنیاری جۆرێکی تری ئەندازیاری کۆمەڵایەتی، کە بە تاکە شێوازی ئەقڵانی لە قەڵەمی دەدات، بە ئەندازیاری لەسەرخۆ یان بەرەبەرە ناوزەندی دەکات(پۆپەر،٢٠٠٦،ب١،٣٦٠-٣٦٢).

خەمێکی لە پێشینەی پۆپەر هێشتنەوەی کۆمەڵگای کراوە و چارەسەرکردنی کێشەکانییەتی، بۆ هێنانەدی ئەم خولیاو ئاواتەشی میتۆد و کارنامەی تایبەتی دەخاتەڕوو، دەتوانین ڕێبازی ئەو بەم شێوەیە بخەینە بەرباس:

یەکەم: ئەندازیاری بەرەبەرە: پۆپەر ئەندازیاری بەرەبەرە بە باشترین چارەسەر دەبینێت لەڕووی میتۆدۆلۆژییەوە. پێی وایە، کە ئەو سیاسەتمەدارەی ئەم شێوازە هەڵدەبژێرێت بۆ گەران و بەربەرەکانێی لەگەڵ گەورەترین و خێراترین

خراپەکان، کە یەخە و بەرۆکی کۆمەڵگایان گرتووە و سەرکەوتوو دەبێت، ئەمەش گونجاوترینی میتۆدە و بۆ باشکردنی ژیانی مرۆڤەکان شتێکی ژیرانەیە(پۆپەر،٢٠٠٦،ب١،٣٦٠-٣٦٢).

پۆپەر لە بری پێداچونەوەیەکی سەرتاسەری، چاکسازی بەرەبەرەیی بۆ کۆمەڵگایی سەرمایەداری پێشنیار دەکات. لەڕاستیدا بە بڕوای ئەو تەنیا چاکسازی بەرەبەرەیی و وردە وردەیە، کە بەشێوەیەکی گونجاو لەپاڵ ناسینێکی کەمی مرۆڤ و هاوکات لەگەل تاقیکاری و هەڵە. بەگشتی ئەگەری وەدیهاتنی هەیە، گەلاڵەکردن و پێداچوونەوەی سەرتاسەری لەگەڵ پێداویستییەکانی زەینی مرۆڤ جیاوازییەکی تەواوی هەیە، لەکاتێکدا کە وردە وردە و بەرەبەرەیی بوون لەگەڵ توانا زەینییەکان و بە کردەوەی مرۆڤ دێتەوە(پولادی،٢٠١٩،١٦٦-١٦٧).

نەخشەکانی ئەندازیاری لەسەرخۆو بەرەبەرە (هەنگاو بە هەنگاو) تاڕادەیەک سادەترن. هەندی نەخشەی تایبەتن بەهەر دەزگایەک بە تەنیایی وەک دابینکردنی بیمەی دەرمانی بێکاری یان دامەزراندنی دەستەی ناوبژیوانی یان بەرنامەڕێژی بودجە لەپێناو بەربەرەکانێی لەگەڵ بێبازاڕی (کەسادی ئابووری) یان چاکسازی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، ئەگەر ئەم نەخشانەش هەڵە دەرچوون ئەوا زیانێکی گەورەیان لێ ناکەوێتەوە، دەستکاریکردن و ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێیان هێندە دژوار نییە و هەڵگری مەترسییەکی کەمترن، لەبەرئەوە هێندە جێگای مشتومڕ و ناکۆکی نین. بەم شێوەیە بە گرتنەبەری میتۆدێکی بەرەبەرە دەتوانین بەسەر گەورەترین گرفتی پراکتیکیدا زاڵبین، لەڕێگەی گرتنە بەری هەرچەشنە چاکسازییەکی ژیرانەیی(پۆپەر، ٢٠٠٦،ب١،٣٦٣).

دووەم: پرەنسیبی پشتگیریخوازی و قازانجخوازیی نەرێنی: لەو بۆچونانەن کە گەلاڵەی پۆپەر لەئەندازیاری بەرەبەرەی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەردەخەن، پرەنسیبی پشتگیریخوازی بۆ چارەسەرکردنی ئابووری لیبراڵ بەهۆی ئەو خەسارەتانەوەیە، کە ئەو ئابوورییە بۆ ئازادی هەیەتی. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە لەو سیستەمانەدا کە لەسەر بنەڕەتی پرەنسیبی لیبراڵین ئازادییە سیاسییەکان لەگەڵ ئازاد هێشتنەوەی ئابووری ناکۆکی دەبێت. بەو مانایەی کە خەڵکانی هەژار ڕەنگە لەبەر دەستکورتییان لەڕووی ئابوورییەوە ئازادییەکانیان بفرۆشن، ئەو کاتەش کۆمپانیا پاوانخوازەکان تەنها خەریکی کاروباری ئابووری نابن و بۆ ڕێکخراوێکی نیمچە سیاسی دەگۆڕدرێن، لەوکاتەدا ئازادی دەبێتە ئامرازێک بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی کەسانی دیکە، کەواتە دەبێت پشتیوانی لە ئازادی بکرێت، هەر بەو چەشنەی کە نابێت دەستی دەوڵەت لەدەستتێوەردانی ئابووریدا تاڕادەیەکی زۆر ئاوەڵا بێت، هەر بەو جۆرەش دەبێت داکۆکی لە توێژە زیان بەرکەوتووەکان بکرێت(پولادی،٢٠١٩،١٦٧).

قازانجبینی نیگەتیڤ تیۆری سەرەکی پۆپەر لە ئەندازیاری کۆمەڵایەتی بەرەبەرەییە ئەو تیۆرە لەگەڵ تیۆرەکانی پشتیوانخوازی لەپەیوەندی دایە، بەپێی ئەم تیۆرەش ئەرکی دەوڵەت نەک تەنها دابینکردنی خۆشگوزەرانییە بۆ هاوڵاتیان، بەڵکو پێشگیریی لە زۆرترین کوێرەوەرییە. واتا هاندانی خەڵکی یارمەتیدانیان بۆ سەرکەوتنیان لە بوارەکانی ژیاندا، پۆپەر دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا بۆ ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری قبوڵ دەکات، بەڵام لەسەر ئەوە جەخت دەکاتەوە، کە ئەو دەستێوەردانە نابێت لە ئاستێکدا و بەچەشنێک بێت، کە ئازادی هەڵبژاردنی بەکاربەێن لە بازاڕ یان ڕکابەرەیی نێوان بەرهەمهێنەران بۆ ڕاکێشانی کڕیار خەوشدار بکات(پولادی،٢٠١٩،١٦٨).

سێیەم: پاراسستنی ئازادییەکان: ئازادی مافێکی سەرەتایی و بنەڕەتی مرۆڤە، مرۆڤ لەهەر جێگەیەکدا بێت پێویستە مافی دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی هەبێت، هەروەها مافی بەشداری لە کایەی سیاسەتدا بۆ بڕەخسێت. ئازادی هێندە پرسێکی چارەنووسسازە و بەهادارە بۆ مرۆڤ لە جەوهەر و گوتاری هەموو ئایینە ئاسمانییەکاندا جەختی لەسەرکراوەتەوە و پشتگیریان کردووە(امین حمە،٢٠٢١،١٠٩). لەلای پۆپەریش پاراستنی ئازادییەکان دەبێت کاری پێشینە و سەرەکی دەسەڵاتی سیاسی بێت، لەبەرئەوەی ئەگەر زامنی پاراستنی ئازادی نەکرێت کۆمەڵگای کراوە درێژە ناکێشێت، چونکە تەنها ئازادییە لە کۆمەڵگای کراوەدا هێمنی دابین دەکات(بەشیریە،٢٠١٣،٢٦).

ئەوەی مایەی سەرنجە پۆپەر بانگەشەی ئازادییەکی ڕەها ناکات و دژی دەوەستێتەوە، بەتایبەتی ئازادی ئابووری بێسنوور. بە تێڕوانی ئەو ئازادی ئابووری بێ سنوور دۆخێکی نادروست دێنێتە کایەوە و زیانیش بە ئازادی و

دیموکراسی دەگەیەنێت. بۆ بەرگریکردن لە دەوڵەتی خۆشگوزەران بانگەشەی بیناکردنی دامەزراوەکان دەکات، لەپێناوی پارێزگاریکردن لە چینەکانی خوارەوە، بۆیە دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا شتێکی ناچارییە، چونکە ئەگەر دەوڵەت بەم ئەرکە هەڵنەسێت، قۆرخکارەکان هەلومەرجی کێبڕکێ بە تەواوی لەناو دەبەن (بەشیریە،٢٠١٣،٢٦).

پۆپەر بە یەکێک لەنەیارانی بانگەشەکەرانی ئازادی ڕەها یان ئازادی تەواو دەبینرێت. پێی وای هەر جۆرە بانگەشەیەکی لەو شێوەیە با وەکو نیازپاکیش بن دوژمنی ئازادین. ئازادی ئابووری پرۆسەیەکە ڕێگە لە بەردەم دەوڵەمەندەکان خۆش دەکات، بۆ ئەوەی هەژارەکان بچەوسێننەوە و لەوەش زیاتر هەژارەکان تەواوی ئازادی ئابوورییان لەدەست دەدەن. هەڕەشەیەکی تر لەسەر ئازادی بانگەشەکردنە بۆ یەکسانی چ لەنێوانی تاکەکانی کۆمەڵگادا بێت، یان لەنێوانی نێر و مێ. لەم بارەیەوە دەڵێ، "ئازادی زۆر گرنگترە لە یەکسانی، هەر هەوڵێک بدرێت بۆ ئەوەی یەکسانی لە کۆمەڵگادا بێتە دی، ئەو پرۆسەیە هەڕەشە لە ئازادی دەکات، ئەگەر ئازادی لەناو چوو، ئەوا ئەوانەی لە دەستیان چوو هەرگیز خۆشی لە یەکسانی نابینن"(ناوخۆش،٢٥،٢٠١٠-٢٦).

پۆپەر نەیاریکی توندی ئەو کۆمەڵگانەیە، کە ئازادییەکانی تێدا خەفە دەکرێت و بیروبۆچونی جیاوازی تێدا جێ نابێتەوە. کۆمەڵگایەکی لەم شێوەیە لە دیدی پۆپەردا دەدرێتە بەر ڕەخنە و کۆمەڵگایەکی داخراوە و هێرشێکی زۆریش دەکاتە سەر دەسەڵاتدارانی ئەو کۆمەڵگانە، لەبەرئەوەی بانگەشەکانی پۆپەر بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکە، کە مرۆڤەکان تێیدا بە بێ جیاوازی بە سەربەستی بژین(پۆپەر،٢٠٠١،١٣٥).

بە بڕوای پۆپەر ڕێگای گەیشتن بە ئازادی و کۆمەڵگای کراوە کرداریکردنی ئەو میتۆدانە نییە، کە لە دەرەوی ئیرادەی مرۆڤەکاندان، بەڵکو کردەیەکە کە تاکە کەسەکان خۆیان لە سەرەتای دامەزراندن و گۆڕانەکانیدا هەیانە، پۆپەر دەڵێت"ئەقڵ و لۆژیک میتۆدی زانستی پێویستی بە کۆمەڵگایەکە، کە کراوەو فرە چەشن بێت لەناویدا تیۆر گەلی ناتەبا و نەفیکری یەکدی هەبێت، مەبەست و ئامانجی جیاوازیان لێ بێتەوە، کۆمەڵگایەک کە هەموو کەس تێیدا ئازادە چۆن لە دۆخ و مەسەلەکان دەکۆڵێتەوە و چ ڕێگە چارەیەک پێشنیاز دەکات، کۆمەڵگایەکە کە هەموو کەسێک تیایدا مافی ئەوەی هەبێت ڕەخنە لە ڕێگاچارە پێشنیازکراوەکانی ئەوانی تر و لە هەمووشی گرنگتر لە دەوڵەتی بگرێت، چ سەبارەت بەئایندەو چ سەبارەت بە کارەکانی. لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە کۆمەڵگایەک کە تیایدا سیاسەتەکانی دەوڵەت بەگوێرەی ئەو ڕەخنانەی لێی دەگیرێن بگۆڕێت"(جەهانبەگلو،٢٠٠٩،١٤٥-١٤٦).

چوارەم:پەخشکردنی دەسەڵات: پۆپەر پێی وایە، کۆمەڵگای کراوە پێوسیتی بە چاودێریکردنی و باشترکردن و خۆڕێکخستنەوە و بە دامەزراوەیی کردنە. بۆ خۆ بەدوورگرتن لە مەترسی (بیرۆکراسی) دەبێت لە کۆمەڵگای کراوەدا دەسەڵاتی سیاسی پەرش و بڵاو بێت، لەبەرئەوەی هەرجۆرە سێنتراڵیزەبونێکی دەسەڵات مەترسی دیکتاتۆری هەیە، دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین چۆن دەتوانین دامەزراوە سیاسییەکان بە جۆرێک ڕێک بخەین، کە تەنانەت دەسەڵاتدارە خراپەکانیان ناشایستەکان نەتوانن زیان بە جڤات بگەیەنن(بەشیریە.٢٠١٣،٢٦). لێرەدا پۆپەر بڕوای بەئەوە نیی،ە کە هێز و دەسەڵات لە دەستی تاکدا کورت بکرێتەوە. ئەوە سەرەتای گشت قەیرانەکانی کۆمەڵگایە، بۆیە پۆپەر پاڵپشتی میتۆد و ڕێبازێکە کە دەسڵات بەش بەش بکات، تا توانای چاودێریکردن و لێ پێچینەوەکردن ئاسان بێت و لەو ڕێگەشەوە مەترسی ملهوڕی و ستەمکاری سیاسی لە ڕیشەوە لەناوببرێت.

پێنجەم: داکۆکی لە دیموکراسی: پۆپەر میتۆدێکی نوێی لە خوێندنەوەی سیاسی و بۆچوونێکی پڕ ناوەڕۆکی بۆ داکۆکی لە دیموکراسی گەڵاڵە کرد. ئەو ئەندازیاری کۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی کە بەسەر بەشێکی گەورە لە ئایدۆلۆژییە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم لە فاشیزمەوە تاوەکو بەلشەفیزمە زاڵ ببوو، خستەبەر ڕەخنە(پولادی،٢٠١٩،١٧٠). کارەکانی پۆپەر ناچێتە خانەی هەوڵدان بۆ بونیاتنانی پایەکانی کۆمەڵگایەکی داخراو، بەڵکو ئەو زیاتر وەک بیرمەند و فەیلەسوفێکی سەردەمی نوێ دەیەوێت لە هەناوی دیموکراسیەتدا باشترین شێوەی ئازادی بێتەدی، لەڕێگەی ڕەخنەگرتنیشەوە بەردەوام دیموکراسیەت کاملتر بکرێت(بەشیری، ٢٠٠٥،١٨٢).

پۆپەر یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە پشتیوانی سیستمی دیموکراسی دەکات، بە بڕوای ئەو برەودان بە دیموکراسی هۆی هێشتنەوە و پاراستنی کۆمەڵگای کراوەیە، تەنانەت ئەم بیرمەندە سیستەمی دیموکراسی بە باشترینی شێوەی حکومڕانی دیاری دەکات لە کۆمەڵگای کراوەدا، هەروەها پێی وایە، کە ئەقڵانیەت مولکی هیچ کەسێک نییە و بەڵکو دەبێت لە ڕەوتی ڕەخنەگرتندا بیدۆزینەوە، لەبەرئەوە پۆپەر ئەوەی بەلایەوە گرنگە خودی فەرمانڕەوا نییە، بەڵکو خودی شێواز و سیستەمەکەیە، دەکرێت چاودێرییەکی زۆر لەسەر دام و دەزگاکانی دەوڵەت هەبێت، دیموکراسیشی بۆیە لا دروستە، کە لەڕێگەیەوە ڕەخنە لە دەسەڵاتداران و شێوە خراپەکانی حوکمڕانی بگیرێت و بەردەوام ڕیفۆڕم و گۆرانی سودبەخش ئەنجام بدرێت(پولادی،٢٠١٩،١٦٩-١٧٠).

ئامانجی پۆپەر لە کۆمەڵگای کراوەدا بەردەوامی پێ دان و کامڵکردنی ئەو دیموکراسییەتە پەرلەمانییەیە کە هەیە، ئەوەش لە ڕێگەی ڕیفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکرێت، چونکە هەر شۆڕشێک ئەو مەترسییەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، کە شۆڕشەکە بکوژێت و ئامانجەکانیشی بفەوتێنێت، بەڵام ئەگەر ڕیفۆڕمەکان دەرەنجامی خراپیان لێ کەوتەوە دەتوانین چاکیان بکەین(مارکۆزە،٢٠٠٨،٥٠). ئامانجی پۆپەر لەبونیاتنانی کۆمەڵگای کراوە ئەوەیە، کە ئێمە بتوانین بە باشترین شێوەیە بژین نەبینە زەحمەت بۆ یەکتر، لەڕێگەی ئاشتییناوە بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی و خوێنڕشتن دەوڵەت لەسەر کار لاببرێت، یان بگۆڕێت،(ئەسوەد،٢٠٠٩،١٠٠)

شەشەم:هەڵکشانی بیری تۆتالیتاریزم: بە بڕوای پۆپەر گەورەترین بەربەستی بەردەم کۆمەڵگای کراوە بریتییە لە تۆتالیتاریزم، قۆرخکردنی دەسەڵات و مەیلی دەسەڵاتی تاکڕەوی، بۆیە پۆپەر برەودان بە ستەمکاری بەخنکێنەری کۆمەڵگای کراوە دەزانێت، بۆیە بەشێکی تیۆرەکان و ئەدەبیاتی ئەو هەڵکێشانی ئەم بیرە و مەیلی ئەو بەلای دوورخستنەوەی دەسەڵاتە تاکڕەوەکاندایە، چونکە باڵادەستی ئەوان پاشەکشەی ژیانی فرەیی و فرەکەلتوورییە(ئەسوەد. ٢٠٠٩،١٠٤).

حەوتەم:دژایەتیکردنی ڕێبازی یۆتۆپیاگەراکان

پۆپەر وەک بیرمەندێک لە دژی بیرۆکەی یۆتۆپیا دەوەستێتەوە و پێی وایە، یۆتۆپیاکان و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانیان جەهەنەم دەخوڵقێنێت. بە بڕوای ئەو" شێوەی دروستکردنی یۆتۆپیا دابینکردنی خۆشبەختی تەواو بۆ خەڵکی شتێکی نەزانراوە، بەڵام شێوەی کەمکردنەوە و نەهیشتنی کەموکورتی و زیانە کۆمەڵایەتییەکان تا ئاستێک زانراوە"، لە بڕی قسەکردن لەسەر دابینکردنی خۆشبەختی بۆ مرۆڤ، دەبێت لە بارەی هەوڵدان بۆ بۆ نەهێشتنی زۆرترین ڕەنج و بەدبەختی زۆرینەی خەڵکی قسە بکرێت(بەشیریە،٢٠١٣،٢٧).

فەلسەفەی سیاسی پۆپەر زیاتر هێرش کردنە بۆ سەر یۆتۆپیاگەرایی. پۆپەر دەڵێت، گەلێک شت لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا ناشرینە و بەرهەمی بێ ڕەحمی و گەمژەیی و ستەمکارین، بەڵام هەمیشە دەرفەتی بەرفراوان بۆ باشبوون لە ئارادایە. خەڵک هەمیشە خەونیان بە دونیایەکی باشترەوە بینیووە، بەشێک لەم خەونانە بۆتە ئیلهامی ڕیفۆڕمی کۆمەڵایەتی. پۆپەر پێی وایە، خەونی کۆمەڵگایەک بەڕادەی تەواوەتی کامڵ ترسناکە، ڕیفۆرمستەکان تاقە بڕوایان ئەوە بوو، کە کۆمەڵگایەکی تەواو کامڵ دروست بکەن، ڕۆبسبێریش ئەم ئارەزووەی هەبوو، بەڵام هیچ کامێکیان نەک هەر نەیانتوانی دونیا بکەن بە بەهەشت، بەڵکو دۆزەخێکیان لە توندوتیژی و سەرەڕۆیی و ملهوڕی دروست کرد(پۆپەر،٢٠٠٦، ب٢، ٧١٥).

هەشتەم:پێغەمبەرانی درۆ زۆرترینی ڕەخنەکانی پۆپەر ڕووی لە سێ فەیلەسوفی جیهانی(ئەفلاتۆن- هیگڵ-مارکس)ە، بە بڕوای پۆپەر" مارکسیزم پەتیترین پەرەسەندوترین و ترسناکترین فۆڕمی (هیستۆریزم بووە) بە تیڕوانینی ئەو سەرچاوەی فاشیزم و مارکسیزم یەکن، مارکس لە تەک بوونی هەموو شایستەییەکانی، ئەو پێغەمبەرێکی درۆزن بووە، ئەو پێشبینی ڕەوتی مێژووی کرد و پێشبینیەکانی ڕاست دەرنەچوون"(بەشیریە،٢٠١٣،١٦).

پێغەمبەرانی درۆ ناوێکە پۆپەر لەو فەیلەسوفە یۆتۆپیا گەرانەی دەنێت، کە جیهانیان هەڵخەڵەتاند. لێرەدا زیاتر مەبەستی ئەفلاتۆن و هیگڵە، کە دوو لەو فەیلەسوفانەن کە پۆپەر بە شایانی سەرزەنشتکردنی توندیان دەزانێت و بیرۆکەکانیان

به دوژمنایەتی لەگەڵ ئازادی و سەرکەوتنی دەسەڵاتە پاوانخواز و تۆتالیتێرەکان ناودێر دەکات(بێناوی نووسەر،٢٠١٣،٢٩). پۆپەر نەیارێکی توندی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت مرۆڤایەتی بەختەوەر بکەن. لەلای ئەو ئەوانە کەسانێکی خەتەرناکن، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە کەسانە پێیان وایە خاوەنی حەقیقەتی تەواون، دواتریش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان بەشتێکی ڕەوای دەزانن کە پەنابەرنە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی، بۆئەوەی بەختەوەری بۆ کەسانێکی دیکە بهێننە دی، لەم ڕوانگەوە پۆپەر هێرشی کردە سەر ڕێبازی مێژووگەرایی و ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان، چونکە لە سایەی ئەو ڕژێمانەدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو دۆخێکی نالەبار و ناهەموار و کارەساتاوی ڕۆشت. بانگەشەکانی پۆپەر لە خزمەتی باشترکردنی شێوەی ژیانی مرۆڤە لەنێو کۆمەڵگای کراوەدا(پۆپەر،٢٠٠٨،١٥).

## 2-2 هەڵسەنگاندنی کارل پۆپەر

پۆپەر یەکێکە لە فەیلەسوفە چاوکراوەکانی سەردەمی نوێ، گەلاڵە فیکرییەکانی ئەو تەنها لەپێناوی باشترکردنی کۆمەڵگادا بووە، بەجۆرێک ئەو گۆڕینی کۆمەڵگای کردووە بە ئامانج و نایەوێت کۆمەڵگا لە دۆخێکدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەیەوێت دۆخی کۆمەڵگا بۆ پێشەوە بچێت، ئەو بەرگریکارێکی سەرسەختی ئازادی یەکسانییە، بوونی هەر یەکێک لەمانەش پێویستیەکی سەرەکی نێو کۆمەڵگان، هۆی لێدوانیشی دەربارەی ئەم پرسانە ئەوەیە ئەو نادادی و نایەکسانییەکانی بەچاوی خۆی دەبینێت(بێ ناوی نووسەر، ٢٠٠٩، ١١٠).

پۆپەر لە دەستنیشانکردنی باشترینی سەردەمەکاندا لە مێژوودا سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە باشترینی سەردەم وێنا دەکات، ئەگەر چی کۆمەڵگاکانیش هێشتا لە دیدی پۆپەردا کاملی تەواو نین و هەڵە و کەموکورتی زۆریان پێوە دەبینرێت، بەڵام بە بەراورد بە ڕابردوو باشترن، بەتایبەتی لە ڕووی ئازادی و لێبوردەییەوە، هەروەها پۆپەر بڕوای وایە، کۆمەڵگای ئەمڕۆ بەدەست چەندین کێشەی دیکەی وەک خواردنەوەی ئەلکهول و مادە بێهۆشکەرەکانەوە گیرۆدەیە، ئەمەش لە دیدی پۆپەردا مەترسییەکی گەورەیە(پۆپەر،لە نوسینەوە...،٢٠٠٨،٧٦).

میتۆدۆلۆژیای دۆزینەوە لای پۆپەر میتۆدۆلۆژیای ئەقڵی ڕەخنەییەکە بەرانبەر هەموو ئایدیاڵەکانی مەعریفەی ڕەها و تەواوی ئەم ئەپیستمۆلۆژیا ئایدیالیستانەش، کە مەسەلەکانی کەتوار(واقیع) بەهاکان تێکەڵ بەیەک دەکەن دەوەستێتەوە، دەکرێت وەک (رادنیتسکی)دەڵێت" میتۆدۆلۆژیای پۆپەر(فەزای جۆرە شۆڕشێکی کۆپەرنیکانەیە، لە بەردەم ڕوانینە فەلسەفییەکاندا واڵا دەکات، هەر لەبەر ئەمەش دەتوانین ئەقڵگەرای ڕەخنەیی بە جۆرێک لە فەلسەفەی ڕۆشنگەری لەقەڵەم بدەین، لەبەرئەوەی بڕوای بە فرەیی هەیە، هەروەها بڕواشی بەوە هەیە کە مرۆڤ قابیلی هەڵە کردنە"(جەهانبەگلو،٢٠٠٩،١٤٢). بە بڕوای (جهانبەگلو) گرنگترینی دەستکەوتی پۆپەر لە بواری فەلسەی سیاسیدا خستنەڕووی ئەو وێنەی ماهیەتی ئەقڵانییەتە، کە ئێمە دەتوانین ئومێدمان بە ڕێکخستنی ئەقڵانییانەی کۆمەڵگا هەبێت، بەبێ ئەوەی دووچاری ئەو خەوشانە بین، کە هەمیشە ئەو چەمکە لەخۆی دەگرێت(جەهانبەگلو،٢٠٠٩،١٤٣-١٤٢). بەرهەمە فیکری و زانستی و تیۆرییەکانی پۆپەر بەدەر نین لە ڕەخنە و سەرنجی کەسانی دیکە، چەندین ڕەخنەی ڕووبەڕووکراوەتەوە، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین:

کۆمەڵگا کراوەکەی پۆپەر لەڕووی ناوەڕۆکەوە دیاری نەکراوە. پۆپەر وێنەی کۆمەڵگایەکی دروستی بەدەستەوە نەداوە، ئەو بەتەنها ڕێساکانی یارییەک دەدات بەدەستەوە، کە دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەکاندا ڕەچاو بکرێت، گرەنتینی کۆمەڵێک دەزگا پێشان دەدات، کە دەبێ کاری تایبەتی خۆیان ئەنجام بدەن(مارکۆزە،٢٠٠٨،٥١).

ڕەخنەگرانی پۆپەر بڕوایان وای،ە تیۆرە زانستیەکەی شۆڕشگێڕییە، بەو واتایەی جەخت لەسەر پوچەڵکردنەوە دەکاتەوە، لە کاتێکدا تیۆری ئەندازیاری پلەبەپلەی ئەو ڕیفۆرمیستانە، بۆ نموونە یەکێک لە ڕەخنەگرانی بە ناوی(مایکل فریدمان١٩٤٧) کە فەیلەسوفێکی ناوداری ئەمەریکییە، بڕوای وایە" ئێپیستمۆلۆجیی پۆپەر پوچەڵشیاوە، بەڵام فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەی دۆگماتیانەیە. بە تیروانینی فریدمان لە ئاستی(ئێپسمۆلۆجیدا) ڕەخنەی پۆپەر لە یۆتۆپیالیزم ئەوەیە، کە وەها تیروانینێک یاساکانی زانست ڕەت دەکاتەوە، بەڵام بەهۆی تێروانینی خۆی یاسا زانستییەکان هەمیشە ناجەخت و ناکۆتان، ئەمە خۆی لە دوولایەنەوە ڕەخنەی لە یۆتۆپیانیزم لاواز دەکات، یەکێکیان دانانی هەر تیۆرێکی کۆمەڵایەتی بە

یۆتۆپیا گەرەکە هەمیشە ناجەخت (نایەکلاکەرەوە)بێت، دووەم ئەمەیە لەبەرئەوەی پۆپەر خۆی ئەمە دوبارە دەکاتەوە، مەرجی گیانی زانستییانە بەدەستهێنانی بەردەوامی بەڵگە پوچەڵکارەکانی یاسا ناجەختەکانە. پێ دەچێت تیۆرەکەی ئەو لەبارەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی زانست و زانین تاقیکردنەوە یۆتۆپییەکان یاساغ نەکات، بەڵکو لەوانەیە هانیشیان بدات"(بەشیریە،٢٠١٣،٢٧–٢٨).

پۆپەر سەرەڕای ڕەخنەی تێر و تەسەل لە ئەندازیاری کۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی و باسی تێروتەسەل سەبارەت بە ڕێگاکانی وەدیهاتنی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی بەرەبەرەیی، لە چوارچێوەی بووننناسیدا باسێکی بەرچاوی لەمەڕ پێناسەی ژیانی مرۆڤ و چۆنێتی ڕێکخستن و دامەزراندنی نییە. بەواتایەکی دیکە ئەو بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی بە بۆچونێکی جێی پەسەند لە بواری مرۆڤناسیدا پشت ئەستوور نەکردووە، بۆ وێنە پرسیاری لەم چەشنەی نەهێناوەتە ئاراوە، کە ژیانی مرۆڤ چۆن ڕێک دەخرێت، مرۆڤەکان بە چ شێوەیەک سیستەمی دەسەڵاتداریێتی هاوبەشێ خۆیان پێک دێنن، بە چ شێوەیەک کەسانێک دەتوانن بە سەر کەسانی دیکەدا زاڵ بن و سەرئەنجام ئەوەی کە کەسەکان بە چ شێوەیەک دەتوانن لە نێو خۆی سیستمێک دا داواکاری جۆراوجۆری لەوان هەیە ئازادی دەستەبەر بکەن(پولادی،٢٠١٩،١٧٠–١٧١).

پۆپەر کە هێرشی کردۆتە سەر یۆتۆپیای ئەفلاتون، هیگل ، مارکس، و کەسانی دیکە بۆ خۆیشی لە ئاکامدا ئەقڵخوازی کردووەتە یۆتۆپیایەکی نوێ. ئەو سیاسەت بە چەشنێک دەبینێت، کە دەڵێی شێوازێکە لە چارەسەری ئەقڵانی، پرسێکە لە بواری مەعریفەدا. بە بڕوای ئەو سیاسەتی ئەقڵانی یان ناسینی بابەتەکان، لێکدانەوەی ئەوان بە ڕستەی ڕوون و ڕەخنەیی ڕێگاچارەکانی ئەوان، بەڵام لە ڕاستییەکانی ژیاندا پرسە سیاسییەکان بەم جۆرە بەڕێوە ناچن(پولادی،٢٠١٩،١٧١).

(ئیرنێست گێڵنێر) یەکێکی دیکەیە لە ڕەخنەگرانی پۆپەر بڕوای وایە"(لەنێوان فەلسەفەی زانست و تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەی) پۆپەر هەماهەنگی و یەکێتی و ناهاوسەنگی و گرژی بوونی هەیە، فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەی لایەنگری فەزیلەتی کرانەوەیە، کە هاوتای کۆمەڵایەتی پوچەڵشیاوە، بەڵام گرژییەکی دیاریش هەیە، لە زانستدا کرانەوە بە واتای زۆرترین خۆ لەقەدەردانی مەترسی، بەڵام لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا پێچەوانەکەی ڕێگە پێ دراوە"(بەشیریە،٢٠١٣،٢٨).

شایانی باسە پۆپەر لە مەزهەبە ڕەخنەی و بەدرۆخستەنەوەکەیدا زێدەڕۆی کردووە، بەجۆرێک ڕەخنەی لە تەواوی بەشەکانی مەعریفەی تیۆری گرتووە بە مەعریفەی زانستیشەوە، لەمەش زیاتر ڕۆیشتووە و نکوڵی لە حەقیقەتی بابەتی مەعریفەی زانستی کردووە و گوومانی لە دروستی و لێهاتوویەکەی کردووە. لە ڕاڤەکردنی دیاردە و ڕووداوە زانستیەکاندا، لێرەوە ئەو پرەنسیبی بەدرۆخستنەوەی پۆپەر پەیوەست بوو پێیەوە بووە پرەنسیبی ڕەها، ئەمەش لە زانستی بوونی کەم کردەوە زیانی بە تێزە هزرییەکانی گەیاند(الحسن٢٠١٢،٣٩٥).

پۆپەر هەر بەو جۆرەی کە فەلسەفەی زانستی بە تەکنیک و میتۆدی بەرەوپێشچوونی زانست سپاردووە، فەلسەفەی سیاسیشی تائاستێکی تەکنیکی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی داشکاندووە، دەڵێی ئەو کۆمەڵگای مەکینەییەکە دەبێ بە میتۆدی تاقیکاریی و هەڵە تاوتوێ بکرێت و بەش بە بەشی چاک بکرێتەوە. لە کاتێکدا کە پرسە سیاسییەکان لە چوارچێوەی گشتی و لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگا سەرهەڵدەدەن و جیاکردنەوەی بونیاتەکان و چاکسازی بەش بەبەشی ئەو کارێکی دژوارە، بۆ وێنە هەر خودی پرەنسیبی بە لانیکەم گەیاندنی ئەو کوێرەوەریانەی کە شیاوی دورە پەرێزین، لە ئاستی گشتیدا پێویستی بە زۆر کردەوەی بەرین هەیە(پولادی،٢٠١٩،١٧١).

لایەنی ئیجابی پۆپەر ئەوەیە، خودی خۆی هەڵگری ئایدیایەکی توندوتیژ نییە، نەبووەتە هۆی خزمەتکردنی ئایدیاو تیۆرەکانی پێش خۆی، بەڵکو ئەو پێداگری لەسەر سەروەربوونی لۆژیک و ئەقڵانییەت دەکردەوە، ڕێگەی خۆبەستنەوەی بە تیۆریایەکەوە بچڕاند و پێداگر بوو لەسەر ڕەخنەگرتن لە گشت ئاستەکانی(زانست، سیاسەت، مەعریفە). دەکرێت کارنامەی پۆپەر وەک نەخشەڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەنوکەییەکانی نێو کۆمەڵگا پشتی پێ ببەسترێت.

## ئەنجامەکان

١- پۆپەر یەکێکە لە بیرمەندە دیارەکانی خۆرئاوا، کە ئاشقی ژیانێکی ئارام و پڕ لەئاشتی بوو، ئەو نەیاری ڕەگەزپەرستی و توندوتیژی بوو، بەرپەرچی ئەو هێز و لایەنانەی داوەتەوە، کە مایەی کۆتوبەندکردنی ئازادییەکانی مرۆڤ بوون.

٢- ڕێباز و میتۆد و فیکری پۆپەر لەسەر ڕەخنە وەستاوە. ئەو پێی وایە، تەنها لەڕێگەی ڕەخنەوە خراپی و چەوتییمان بۆ دەردەکەوێت. بەپشتبەستن بەو ڕەخنانەش دەتوانین هەڵەکان ڕاست بکەینەوە.

٣- پۆپەر یەکێکە لەنەیارە سەرسەختەکانی کۆمەڵگای داخراو، بەرادەیەک بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی ئەو بۆ خستنەڕووی مەترسی و تایبەتمەندی ئەم جۆرە کۆمەڵگایە تەرخان کراوە.

٤- پۆپەر ڕقی لەحوکمی تاکڕەویی و تۆتالیتاریزم بوو. سیستمێکی لەم جۆرە لای پۆپەر وەک ئەدژیها و فایرۆسێکە، کە دەبێت تۆوی لەناوببرێت، چونکە بوونی سیستمە تاکڕەوەکان هۆی دواخستنی کۆمەڵگا و نائومێدبوونن.

٥- پۆپەر هێرشییێکی بەهێز دەکاتە سەر ئەو هێڵە فیکریانەی کە لە مێژوودا خزمەتیان بە کۆمەڵگای داخراو کردووە، بەتایبەتی ئەفلاتۆن و هیگڵ و مارکس، بە بڕوای ئەو ئەم بیرمەندانە داینەمۆی دیکتاتۆری و ڕەگەزپەرستین.

٦- ئامانجی کارل پۆپەر تێپەڕاندنی کۆمەڵگای داخراوە و گەیشتنە بە کۆمەڵگای کراوە، بە بڕوای ئەو بنەمای سەرەکی کۆمەڵگای کراوە، بریتییە لە سەقامیگیربوونی ئازادی و گۆڕینی حکومەتەکان بە ڕێگەگەلی ئاشتییانە.

## سەرچاوەکان:


کتێب بەزمانی کوردی:

- الحسن. د. ئیحسان محمد(٢٠١٢):ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و، دانا مەلا حەسەن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ئەسوەد. نەوزاد ئەحمەد(٢٠٠٩): سەرەتایەک لەبارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- بەشیری. د.حوسین(٢٠٠٥): دیموکراسی بۆ هەموان، و، حسین مەحمود محمد، هەولێر، ٢٠٠٥.
- بەعلی. فوئاد(٢٠٠٦): ئیبن خەلدون و کۆمەڵناسی نوێ، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری، و، زیرەک ئەحمەد- سنوور عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- پولادی. کەمال(٢٠١٩): مێژووی بیروباوەڕی سیاسی لە خۆرئاوا سەدەی بیستەم، و، یوسف عەلی پور، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- پۆپەر. کارل(٢٠٠٦): کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی، و، ئیدریس شێخ شەرەفی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- پۆپەر و ئەوانی دیکە. کارل(٢٠٠٨): چەند تێکستێکی وەرگێڕاو، و، ڕێبین هەردی، چاپی یەکەم، کوردستان.
- پۆپەر. کارل(٢٠١٠): وانەی ئەم سەدەیە، و،ئیسمایل زارعی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- پۆپەر. کارل(٢٠٠٨): ئوستورەی چوارچێوە بەرگری کردن لەزانست و ئەقڵانیەت، و، ئیسماعیل زارعی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆک.
- تەرابیشی. جۆرج(٢٠٠٩): سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا، و، شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- جەهانبەگلو. رامین(٢٠٠٩): مۆدێرنەکان، و، ئازاد بەرزنجی،چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- سەلام ناوخۆش. سەلام(٢٠١٠): زەردەشتیەتی نوێ لەنێوان کەلتورو ئایین و نەتەوەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە ، هەولێر.
- کارل پۆپەر. کارل(٢٠٠١): لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا، و، ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- کارل پۆپەر. کارل(٢٠٠٦): کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی، و، ئیدریس شێخ شەرەفی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- مارکۆزە. پۆپەر(٢٠٠٨): لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ، و، ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- موحسنی. د. مەنوچێهر(٢٠٠٢): دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و، ڕێبواری سیوەیلی... موسڵح ئیروانی... چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر
- وسووقی- نیک خولق. مەنسوور - عەلی ئەکبەر(٢٠١٣): بنەماکانی کۆمەڵناسی، و، سیروان محمد حاجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

کتێب بەزمانی عەرەبی:

- برجسون. هنری(١٩٧١): منبعا الاخلاق والدين،ترجمة، سامی الدروبی- د. عبدوالله عبد الدائم، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر.
- مطهری. مرتضى( ٢٠١٩): المجتمع والتأريخ، تنوير النشر والاعلام.

**گۆڤارەکان:**

بەزمانی کوردی
- ئەسوەد. نەوزاد ئەحمد(٢٠٠٨): کارل پۆپەر فەیلەسوفی کرانەوەو دوژمنی تۆتالیاتاریزم، گۆڤاری هەنار، ژمارە(٢٨).
- بەشیریە. حوسەین(٢٠١٣): کارل پۆپەر لیبرالیزم و فەلسەفەی زانست، و، پێشەڕەو محمد، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە(٤١)، سلێمانی.
- کارل پۆپەر. کارل(٢٠٠٨): لە نوسینەوەو مانای مێژوودا، و، سامان حسێن ئەحمەد، گۆڤاری ئایندە، ژمارە(٧٧).
- بێناوی نووسەر(٢٠٠٩): فەلسەفەی مێژوو- زانستی مێژوو: و، سەلام عەبدولکریم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- بێناوی نووسەر(٢٠١٣): کارل پۆپەرو بیرۆکەی دادپەروەری، و، سەلاح سەدباری، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە(٤١)، سلێمانی.
بەزمانی عەرەبی:
- حمە امین. ادریس قادر(٢٠٢١): دور العمل الخیری فی بناء المجتمع الخیری فی القران الکریم. دراسة الموضوعیة، بەرگی یەکەم، ژمارە(٥)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- المعیوف. د. لطیفة بنت عبدالعزیز بن عبدالله(٢٠٢٤): تأثیر الفلاسفة علی المجتمع(سقراط انموذجا.مجلة القلم للعلوم الانسانیة والتطبیقیة(علمیة-دوریة-محکمة)، ١١(٤٤).

**أنواع المجتمع في فكر كارل بوبر( دراسة تاريخية الوصفي)**

**بهروز بكر عوسمان**
كلية التربية الإنسانية – سيد صادق – قسم التاريخ – جامعة السليمانية
Bahroz.ossman@univsul.edu.iq

**ملخص**
هذا البحث هو تفسير لأنواع المجتمع من قبل فيلسوف القرن العشرين الشهير كارل بوبر، لم يركز أي فيلسوف غربي على المجتمعات المفتوحة والمغلقة بقدر هذا، بوبر معارض قوي للمجتمع المنغلق، وانتقاداته تتعارض مع الخطوط الفكرية التي خلقت المجتمع المنغلق. بالنسبة لهذا المفكر، المجتمع المنغلق مكان يستحق الهجر والدمار لأنه مليء بالقمع والاحتكار والعنف والسحر. الحل الوحيد للهروب من المجتمع المنغلق هو الانتقال إلى المجتمع المنفتح، المجتمع المنفتح هو المكان الذي يشعر فيه الناس بالراحة، لأن مبادئ هذا المجتمع لا تعتمد على العقلية القبلية والطبقة والمكانة العائلية، بل المهارات والكفاءة هي سبب النجاح والشهرة والاحترام. المجتمع المنفتح يحتاج إلى التطهير والحماية والحرية والنقد والديمقراطية وانتقال السلطة. بالنسبة لبوبر، المكان الوحيد الذي يؤدي إلى حياة كريمة هو المجتمع المنفتح، ومثل هذا المجتمع سيواجه مشاكل، وللتغلب على هذه العقبات والمخاطر لا بد من اتباع النقد والعقلانية وحماية حرية التعبير.

**الكلمات المفتاحية:** المجتمع، المجتمع المغلق، المجتمع المنفتوح.

**Types of Society in Karl Popper's Thought**
**(study of descriptive history)**

**Bahroz Bakr Ossman**
College of Humanities Education - Said Sadiq - Department of History - Sulaimani University
Bahroz.ossman@univsul.edu.iq

**Abstract**
This research is an interpretation of the types of society by the famous 20th century philosopher Karl Popper, no Western philosopher has focused on open and closed societies as much as this A closed society is a place worthy of abandonment and destruction because it is full of oppression, monopoly, violence and magic. The only solution to escape from a closed society is to move to an open society. An open society is a place where people feel comfortable, because the principles of this society do not rely on tribal mentality, class and family position, but skills and efficiency are the cause of success and fame and respect. An open society needs cleansing and protection, freedom, criticism, democracy and the transfer of power. For Popper, the only place that leads to a decent life is an open society, and such a society will face problems. To overcome these obstacles and dangers, criticism, rationality and the protection of freedom of expression must be followed.

**Keywords:** Society closed society, open society.